# دەستور بۆ قەوم و ئایینەکان یان بۆ هاوولاّتیان ؟!

## (چەند سەرنجیک لەسەر دەستوری پیشنیارکراوی هەریم)



(موزەفەر عەبدولاّ)
mozafar_as@yahoo.com

به دوای لیک دابرانی به کردەوەی کوردستان له عیراق بۆ ماوەی 15 سالْ بەهۆی پیشهاتنی هەلومەرجیکی سیاسی تایبەتی جهانی و رۆلّی هەستانو راپەرینی نیوه ناچلّی خەلّکی کوردستان و کاریگەری کەم تا زۆری هیزه سیاسی یه جۆراو جۆرەکان به چەپەو راستەوه بوه هۆی ئەوەی بۆشایی یەک له دەسەلاّت بۆ بەریوه بردنی کۆمەلّگه بەدی بیت.ئەم بۆشاییەش ئەگەرچی نه به خواستی ئەم هیزانه بوون که ئیستا ئەم دەستورەیان پیشنیاز کردوەو نه له ژیر کاریگەری به تەنهای ئەو هیزانەدا بوو. بەلّکو له برگەی دووەمی دوای ئاوارەیی خەلّکی کوردستانەوه راستەوخۆ دەرپەراندنی رژیم له کوردستان ئاکامی نارەزایەتی یەکانی جەماوەر بوو به رابەری ریکخراوه چەپەکان و کەسایەتی یه جۆاروجۆره سیاسی یه ئازادیخوازەکانەوه.بەلاّم بەهۆی ئەو هەلومەرجه جهانی یەوه ئەم دوو حزبه، یانی پارتی و یەکیتی ، توانیان به کۆمەکی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئەو دەرفەته بقۆزنەوەو شیوازیک له دەسەلاّتی نیوه به نیوەی خۆیان بسەپیین بەهیزی میلیشیایی بەسەر خەلّکی کورستاندا.بەم شیوەیه بۆ ماوەی 15 سالْ له چوارچیوەی شەرو ئاشتی نیوان خۆیان و مفاوەزەو شەریان لەگەلْ رژیمی بەعس و ساتو سەودایان لەگەلْ هەموو رژیمەکانی ناوچەکەو سەرگەردان کردنی خەلّکی کوردستان و زەوت کردنی مافی رەوای ئەم خەلّکه بۆ بریار دان لەسەر چارەنوسی خۆیان و هەلّوشینی ئەم مافه بەهۆی قەوارەیەکی بۆشەوه که ناویان نا دەسەلاّتی پارلەمان و حکومەت هەروەک چۆن لەپالّیا هەموو سەروەت و سامانی ئەو وولاّتەیان هەلّوشی بەم شیوەیه 15 سالْ به بی دەستورو یاسا ئەو وولاّتەیان به زەبری چەک، نەک یاسا، بەریوه برد.ئیستا دوای ئەم 15 سالّه هاتوون کۆمەلّی کاغەزیان رەش کرۆدتەوەو ناویان ناوه دەستوری پیشنیار کراو بۆ هەریمی کوردستان تا پاش شەرعیەت دان بەم دەستوره به ئارەزوو به پی ی بەژەوەندی ناسیونال_ عەشیرەتی خۆیان یاساکانیش داریژن.

ئەو لیژنەیەی که پیک هاتبو بۆ دارشتنی پرۆژەی ئەو دەستوره به وتەی خۆیان زیاتر له سالّیکه سەرگەرمی ئەم رەشنوسەن و ئیستا ئەوه مانگیک دەبیت خستویانەته بەردەم پارلەمان تا ساغی بکاتەوەو بریاری لەسەر بدات.هاوکات بانگەوازی خەلّکیان کردووه تا هەر کەس سەرنج و پیشنیار و رەخنەی هەبیت رەوانەی ئەو لیژنەیەی بکەن و گفتوگۆ بکەن لەسەر دەستکاری کردنی.

وەک هەر هاوولاّتییەکی کوردستان له دەرەوه به دوای بلاّو کردنەوەی ئەو رەشنوسەو خۆیندنەوەی دەیان نوسینی هاوولاّتیان به لایەنگر و نیمچه لایەنگرو ناکۆک بەو رەشنوسه، منیش به پیویستم زانی سەرەنجەکانی خۆم له چەند خالّیکدا بنوسم و ڕایبگەیەنم.

یەکەم: کوردستان وەک هەر وولاّت یان بەشیکی وولاّتی ترکۆمەلّگایەکی مەدەنی – شارستانی هاوچەرخی تره له جهان .ئەگەرچی له رووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوه له ئاستی وولاّتانی رۆژئاوا نی یه بەلاّم له رووی ماهیەتی یەوه هەروەک ئەوانەو کاریگەری یه تەکنەلۆژی و سیاسی و کۆمەلاّیەتی یەکانی جهان ئەم کۆمەلّگایەشی بەلای زیاتر مەدەنیەت و هاوچەرخی بردووه.خۆ رەنگه له رووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوه لەزۆر وولاّتانی ناوچەی رۆژهەلاّتی ناوەراستیش له پیش تر بیت ئەگەرچی هیشتا خۆی له خۆی دا نەبوه به وولاّتیکی سەربەخۆ.بەلاّم هەموو مقەوماتیکی سەربەخۆ بوونی تیایه. هاوکات ئەم کۆمەلّگایه له زمان و دابو نەریت و ئاین و مەزەب و بی دین و دەیان جیاوازی تر پیک هاتوه.به کورتی وەک هەر کۆمەلّگایەکی تری سەرمایەداری هاوچەرخ کۆمەلّی خالّی جەوهەری هاوبەشیان هەیه. بۆیه هەر حزب یان کۆمەلّه حزبیک که

بیەوی بە سیستەمیکی مۆدیرن ئەم کۆمەڵگایە بەریوە بەریت دەبیت ئەم خاڵە سەرەکی و جەوهەری یە رەچاو بکات. یانی رەچاو کردنی پیکهاتەی چینایەتی کۆمەلایەتی و سیاسی و نەتەوایەتی و ئایینی جیاواز .وە هەر حزب یان سیستەمیک ئەم جیاوازی یە قەبوڵ نەکات و شۆر نەبیتەوە بۆ ئەوەی ئاخۆ یەکەی بنچینەیی ئەم کۆمەڵگایە چی یەو وە هاووڵاتی وەک ئینسان نەناسینی ئەوە حەتمیە هەر پروپاگەندەیەکی لەبارەی سیستەمی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و چی وچی هەبیت ئەوە هەمووی دەبیت بە ئیدعایەکی پوچ و ئاکامەی هەر وەک دەسەلآتە سەرکوتگەرو دیکتاتۆرەکانی لە چەشنی بەعس و رژیمەکانی تر دەبیت.

دووەم :لەسەر ئەو خاڵەی کە ئاماژەمان پی دا پیویستە هەر دەستوریک کە پیشنیار دەکریت ، پاشان لەسەر بنەمای ئەو دەستورە یاساکانی تری وولآت دادەریژری، دەبیت خاڵ و چەقی لیوە هەستان و دەست پی کردنی ئینسان بیت.یان بڵیین هاووڵاتی بیت بە بی رەچاو کردنی ئینتمای سیاسی و قومی و دینی و تایەفی و عەشیرەتی...هتد . بەم شیوەیەش ئەم خاڵە سەرەکی یەی دەستورەو لیوە هەستانەی نابیت هیچ پیشگرو پاشگریکی پیوە بلکین.دیارە ئەمە خالی لیوە هەستانی دەستوری هەر وولآتیکی مەدەنی و سکویلارە.لکاندنی هەر جۆرە شوناسنامەیەکی، بە تایبەتی قومی ،دینی ورەگەزی ،بەم ریسایەوە دەبیتە هۆی لیکدابران و جیاوازیسازی لە نیوان مرۆڤەکان وەک هاووڵاتی، بەم شیوەیە سیفەتی یەکسانی لە نیوان مرۆڤەکان، هاووڵاتیان ناهیڵی و وە لەبەرانبەر ریساو یاساو بریارەکاندا یەکسانیان ناکات. خۆ بەکەم زانین و خۆ بە گەورە زانین دەبیتە نیشانەیەکی ئاشکرای ئەو کۆمەڵگایە.و کەڵکەڵەی ناسیونالیستی تا رادەی فاشستی دەبیتە سیمای کۆمەڵگە.

هەر حزبیک یان حزبگەلیک بیەویت ریسا_دەستور_یک بۆ کۆمەڵگەیەکی نزیک بە 4 ملیۆن مرۆڤ لە کوردستان داریژیت ئەگەر هەموو ئەم 4 ملیۆنە وەک مرۆڤیکی وەک یەک و یەکسان تەماشا نەکات و بە شکل و شیوەی زمان و کەلتورو ئینتیمای قومی و دینی و تایەفی و خیڵەکی و عەشیرەتی و ناوچەیی جیایان بکاتەوە تەماشای چەندایەتی یان بکات ئەوە هەرگیز لە سایەی ئەو ریسایە ناتوانری یەکسانی ئینسانی دابین بکریت و تەمیزیکی حەتمی لە چاوەروانی ئەم کۆمەڵگایەدا دەبیت .بەم شیوەیەش هەموو ئەو یاساو بریارانەی لە سایەی ئەو ریسایەدا دادەریژری بەهەمان شیوە جیاوازکاری تیدا دەکریت.کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە بە گشتی و کوردستانیش بە تایبەتی کۆمەڵە خەڵکیکی چەند سەدە لەمەوبەر نین .ئەوە لانی کەم سەدەیەکە ئەم کۆمەڵگایە پیی ناوەتە قۆناغیکی مەدەنی و شارستانی یەوەو پەیوەندییە کۆمەلایەتییە هاوچەرخەکان زاڵە بەسەریدا .وە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵە خەڵیکیک نین بە تەنها پەیوەندی خیڵەکی و عەشیرەتی و هاو پیشەیی و هاوخوینی و هاو دینی و مەزهەبی و و هاوفکری وەکو رەوەندەکانی چەند سەدە لەمەوبەر کۆی کردبنەوە، نەخیر ! تەنانەت نابیت ئەو دەستورە ئینتیمای قومی و میژویی هاوبەش و خەباتی هاوبەش و چی و چیش لیکیان دابریت.وە دەبیت مەسەلەی سەرەکی پیناسی هاووڵاتی بیت وەک ئینسان وە ئەو ریسایەش دەبیت ئەو ئینسان و ئنسانیەتە لەبەر چاو بگریت .یانی ئینسانی مجرد دەبیت خالی لیوە هەستان بیت و ئینسان دەبیت موقەدەس ترین بونەوەر بیت لە ناوەرۆکی ئەو ریسایەدا.

سیهەم:لەبەر رۆشنایی ئەو دوو خاڵەی سەرەوەدا با بزانین ئاخۆ ئەو ریسایەی ئەمرۆ دەسەلآتدارانی کوردستان رایان گەیاندووەو بە نیازن بریاری لەسەر بدەن جووتە لەگەڵ ئەو دوو خاڵە سەرەکی یەدا.

ئەگەر بە چاوی رەخنە گرانەوە تەماشای ئەو دەستورە بکەین هاووڵاتی وەک ووتمان وەک مرۆڤ لەبەرچاو بگرین ،نەک قەوم و نەتەوەو دین و رەگەز و تایەفەو عەشیرەت ،ئەوە هەر کەسیک ئەگەر ئەلف و بی لە سیاسەتو کۆمەڵگە بزانی هەر بە چاوپیاخشانیکی سادەو خیرا بۆی دەردەکەویت کە ئەو دەستوەرەی ئەمرۆ ئەم دوو حزبە پیشنیازیان کردووە چەند دوورە لە ئەسڵو نەسڵی مرۆڤەوە.

_ هەر لە یەکەم برگەیەوە کە بە بەناوی خوای بەخشندەوە,...هتد دەست پی دەکات کە ئەوە نیشانەی بە پەتای بە ئیسلام بونی ئەو دەستورەیەو بۆیە منی کۆمۆنیست و مولحد و ئەوی تری مولحد و عەلمانی و ئەوی دیکەی تری مەسیحی و یەهودی و یەزیدی و کاکەیی..هتد هەمومان هیڵنجیمان دیت بەو دەستورە.پاشان وورده ورده کە شۆر دەبیتەوە بۆ خاڵەکانی تر کە چۆن ئاینی ئیسلامی لکاندوە بە دەستورەوەو کردۆیتی یە مەرجەعیک بۆ هەڵینجانی یاساو بریارەکان وە چۆن کۆمەڵگای کوردستانی کردوە بە کۆمەلگایەکی ئیسلامی و وای نیشان دەدات کە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدەینە.وە ئەگەر ئیسلامی یەکان فشاری زیاتر بۆ ئەو دوو حزبە بیهنن ئەوە یەکسەر ئیمارەتی ئیسلامی رادەگەیەنن.دیارە ئاکامی سەلبی و سەرەکی

ئەم خاڵە نایەکسانی یاسایی لەنیوان ژنان و پیاوانو کۆیلە کردنی ژنانە چونکە. بۆ هەموو لایەک رۆشنە کە ژنان لە سیستەمی فکری و سیاسی و کۆمەلایەتی ئیسلامەوە هیچ مافیکی نی یەو کۆیلەی پیاوانە.بەم شیوەیە هەر لە سەرەتاوە ئەم دەستورە نیوەی کۆمەڵگا دەکاتە پلە دوو سیٚ.وە ئەوەی لیرەو لەوی قسەیەکی سەرپیی هاتوە لەبارەی پاراستنی مافی ژنان تەنها قسەی رووتەو ئەوەش هەواڵەی یاساکانی پەیوەند بەو بابەتەوەکراوە.

–خالیکی تر چەسپاندنی مۆری قەومی_عەشیرەتی یە بەم دەستورەوەیە.هەر کەس سەرپیی ئەم دەستورە سەرنج بدات یەکسەر وا دەزانی ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگای سەردەمی ئیمارەتەکانی بابان و سۆران و ئیمارەتە ووردو درشتەکانی چەند سەدە لەمەوبەرە کە عیل و عەشیرەتەکان ریک کەوتبون لەسەر پیک هینانی ئیماراتیک هەروەک تا ئیستاش لە کەنداوی عەرەبی کۆمەڵی عەشیرەت لەسەر ئینتیمای ناسیونال–عەشیرەتی یەکیان گرتوەو ئیماراتیان پیک هیناوە کە هیچ رەمزیکی مەدەنیەتی هاوچەرخی تیا نی یە. هەر خیڵیک لەسەر بیرە نەوتیک بونە بەپاسەوان و عەگال و دزداشەکیان لەبەر کردووەو ئەمیریکیان بۆخۆیان داناوەو ناویان ناوە دەوڵەت، کە ئەمانە جگە لەخوین مژتنی ملیۆنان کریکاری موهاجری ئاسیایی بە تایبەتی ئاسیایی رۆژهەلأت هیچ سیفەتیکی دەوڵەت وە حکومەتی هاوچەرخیان تیادا نییە .وە هیچ قسەیەک نی یە لەسەر هەق و هقوقی کریکاران و ژنان و لاوان و منالأن ..هتد.

بەم شیوەیە نوسەرانی ئەم دەستوەرەش لە سایەی حزبەکانیان ئەوەندە چاویان نوقاندووە وەک ئەوەی کورد بوون سیفەتیکی ئەدەبی و ئەزەلی بیت و نەتەوەو ناسیونالیزم و ئایین و تایەفە دیاردەی میژویی نەبن و هەر بونەو هەر ئەبن.لە کاتیکدا هەر کەسیک درکیکی رۆشنی مادی هەبیت بۆ میژوو دەزانی کە نەتەوەو قەوم هەر وەک چۆن پیشتر خیل و عەشیرەت هەبوونە و هەر وەک چۆن ئاینەکان و مەزبەکانیش دیاردەی میژووین، سروشتی نین وەک مرۆڤ، سەرهەڵدەدەن و لەناو دەچن.بۆیە هەمو ئەوانەی ئەمرۆ راست بونەتەوەو بە ناوی کلدانی و ئەرمەنی و ئاشوری و مەسیحی و یەزیدی و کاکەیی وتەنانەت هەورامی و فەیلی..هتد هەموو ئەم پیکهاتە میژوویی _ کۆمەلأیەتی یانە کە ئەمرۆ داوای مافی نەتەوەیی و ئایینی و تایەفی و عەشیرەتی و تەنانەت خیڵەکی خۆیان دەکەن دەبیت بڵیین مافی خۆیانە.رۆشنە مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم ماستە مویەکی تیایەو ئەم دەستورەش بۆشایی یەکی گەورەی تیایە بۆیە ئەمرۆ ئەمانەش راست بونەتەوەو سەریانهەڵداوەو دەڵین دەبیت دەستورو موشتەقاتەکانی ناو و رەمزی ئیمەشی تیا بیت.هەڵبەت لە روانگەی خۆیانەوە مافی خۆیان هەیەو هەر کەس چۆن ممارەسەی ئەفکاری سیاسی عەقیدەیی _قومی و تەنانەت عەشیرەتی خۆی بکات نابیت هیچ حزب و رژیمیک ریگر بیت.بەلأم ئەم مافە نابیت بخریتە ناو چوار چیوەی دەستوری سەراسەری وولأتەوە. نابیت ئەم پیک هاتە میژووی کۆمەلأیەتیانە ببینە هەوین و یەکەی بنەمایی بۆ دارشتنی دەستور .وەک ووتمان ئەوە تەنها مرۆڤە بە ناوونیشانی هاوولأتی دەبیت ببیتە یەکەی سەرەکی بۆ خاڵی لیوە هەستان و دارشتنی دەستور.جا ئەوەی ئەم وولاتە لە هەلومەرجیکی میژووی ناوی لینراوە کوردستان نابیت ئەمە ببیتە هۆی ئەوەی کە ئەوەی ئینتیمای کوردی هەیە ئەفزەل تر بیت لە کەسیکی تر کە ئینتیمای قومیەیتکی تری هەیە.وە ئەگەر وابیت ئیتر ئەوە هەر دەبیتەوە بە دەستورەکاتی و یاساکانی بەعس کە عیراقیان پیناسە کردبوو کە عیراق وولأتیکی عەرەبی یەو بەشیکە لە ولأتانی عەرەب و پیک هاتە کۆمەلأیەتی یەکەی عەرەب و کورد و کەمەنەتەوایەتیەکانەو زۆربەی خەڵکی عیراق ئیسلامە.

– دیارە ئەم چەند خاڵەی لیرەدا ئاماژەمان پی دا تەوەرەیی ترین و سەرەکی ترین و زەق ترین خاڵی لاوازی و ناکۆکین بە سیفەتە ئینسانی یەکان. بۆیە لەم روانگە بنچینەییەوە بەرای من دەبیت قەبوڵی نەکەین. وە ئەگەر ئەم دەستوەر دابەزینیرتە ناو خەڵکەوە بۆ دەنگ دان لەسەری ،پیویستە خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ نەدەن. لەو حاڵەتەش ئەرکی حزبە ئازادیخوازو خۆ بە عەلمانی و چەپ و کۆمۆنیستەکان و کەسایەتی یە ئازادیخوازەکانە ئەلتەرنایڤی خۆیان پیشنیارکەن . هەڵبەت بەرای من ئەمە ئەرکی یەکەمی حزبی کۆمۆینستی کریکاری عیراقە هەروەک لە راگەیاندنی کۆمیتەی رابەری ریکخراوی کوردستانیش دا هاتووە.

بی گۆمانە خالی تری جی سەرنجی ناکۆکی لەگەڵ بیرورای من و هەر مرۆڤیکی ئازادیخواز زۆرن.ئیتر هەر لە سەلاحیەتی سەرۆکی کوردستانەوە تا ئالاو سرودو مەسەلەی فیدرالیەت و قەتیس کردن و سەندنەوەی رای خەڵکی کوردستان لەسەر چارەنوسی خۆیان لە راپرسی هەر ئەمرۆو دانی ئەم مافە بە پەرلەمان و بونی هیزی پیشمەرگەی میلیشاییو مەسەلەو

شیوازی ئابوری و بەرهەم هینان و مافەکانی تری خەڵکی لە بیمە کۆمەڵایەتی یەکان و مەسەلەی ژنان و منالان و لاوان و خودی پیک هاتن و پیک هاتەی پەرلەمان و حکومەت ودەیان سەرنجی تر.ئەمە جگە لەوەی کە بە عەمەلی ئەم دەستورە تا رادەیەکی زۆر کۆپی دەستوری عیراقەو هەروەک لە رەشنوسەکەش دا هاتوە خالە سەرەکی یەکانی ئەم رەشنوسە هیچ ناکۆکی نی یە لەگەڵ دەستوری حکومەتی فیدرالی لە بەغدا کە لە دەنگ دانەکەی پاردا خەڵکی کوردستان پاش ئەو هەمو هەرەشەو گورەشەو فرت و فیلانەی یەکیتی و پارتی بەلام ریژەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان دەنگیان پی نەدا.
بۆیە بەرای من ئەم دەستوەرە ناتوانی بەم شیوەو ناوەرۆکەی ئیستایەوە دەستوریک بیت بۆ بەریوەبردنی کۆمەلگەی کوردستان.وە کۆمەلگەی کوردستان زۆر لەوە شارستانی و مەدەنی ترە کە داریژەرانی ئەم دەستورە سەرنجی دەدەنی.
خەڵکی کوردستان پیویستی بە دەستوریکی عەلمانی و سکویلارە کە خالی لیوە هەلسانی ئەو دەستورە وەک ووتمان دەبیت هاوولاتی بون بیت وەک مرۆڤ بە بی رەچاو کردنی هەر جۆرە ئینتیمایەکی قومی و دینی و تایەفی و عەشیرەتی و رەگەزی..هتد بەلام گومان هەیە لەوەی کە لەهەلو مەرجی سیاسی ئەمرۆ بکریت دەستوریکی عەلمانی بەدی بیت پیش جیبەجی نەکردنی مافی دانگ دان بۆ خەڵکی کوردستان بۆ یەک لا بونەوەی چارەنوسییان لەم ستەمەی کە دەیان سالە لەسەریانە.
**کۆتایی ئۆکتۆبەری 2006**